هەیفا ئاهەنگێکی قەشەنگی لە قاهیرە سازکرد

هونەرمەندی دەنگ خۆشی لوبنانی ئەستێرەی رۆتانای عەرەبی لەسەر داوای پەرلەمانتارانی وولاتی میسر ئاهەنگێکی سازکرد بە ئامادەبوونی چەندین کەسایەتی ناوداری ئەو وولاتە هەر لەم ئاهەنگەدا خەلاتی رێزلێنانی پێ بەخشرا.

(نەبیلە عوبید)م لە نزیکەوە بینی

بۆنەیەکی شیرین بەو خۆزگەیەی شادکردم کە لە قاهیرەی پایتەخت بگەم بە ژنە هونەرمەندی ناسراو (نەبیلە عوبید) کە لە نزیکەوە، وەکو کوردێک خۆم پێ ناساندو خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بەم دیدارە دەربڕی.

لاوەند دزەیی

مادۆنا قوتابخانەیەک لە ئەفریقا دروست دەکات

پاش سەردانێکی بۆ وڵاتی مالاوی، هونەرمەندی ئەمەریکی مادۆنا بڕیاریدا بەدروستکردنی قوتابخانەیەک بۆ ئافرەتانی ئەم وڵاتە بەتایبەتی ئەوانەی لەبارێکی خراپ ژیان بەسەر دەبەن، هەروەها لە سایتەکەی خۆی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بانگەشەی بۆ دەوڵەمەندەکان کرد بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن بۆ تەواوکردنی ئەم کارە خێرخوازییە.

جێی باسە، مادۆنا دووەم کەسە ئەم کارە دەکات پاش (ئۆپرا وینفری) کە ساڵی ٢٠٠٧ بەبڕی ٤٠ ملیۆن دۆلار ئەکادیمیەیەکی بۆ ئافرەتە هەژارەکانی باشووری ئەفریقا دروستکرد.

ئا: سەنگەر

أسماء الألوان / تصميم ليرةو لةوي / الصفحة: ٧٦ / ٤/١/٠٩ / 10:31 PM

ڤیستیڤاڵی خۆ ئازاردان لە تایلەند ئەنجامدرا

تایلەند یەکێکە لەو وڵاتانەی کەساڵانە چەندین ڤیستیڤاڵی لەم شێوەیە ساز دەکات کە تیایدا چەندین منداڵ و ئافرەت و پیر بەشداری لەو ڤیستیڤاڵەدا دەکەن کە هەریەک لەو بەشدار بووانە بەجۆرێک بەر دەبێتە گیانی خۆی سەیریش لەوە دایە کاتێک کە تووش خوێن بەربوون دەبن هەربەردەوام دەبن لەسەر نمایشکردنی ئازاردانی جەستەی خۆیان ،لەو وێنەدا ئەو ئافرەتە بەم شێوەیە بەشدار بووە کە تیادا بۆ ماوەیی دوو خولەک لەدەمی خۆیدا دووپشکێکی مەترسیداری هەڵگرت بۆ دەستەبەرکردنی ناوبانگێک لە مێژووی ئەم ڤیستڤاڵەدا.

وێنەی چوار هەزار بابا نوئێل چووە کتێبی گینس

بەبۆنەی ساڵیادی لەدایکبوونی پێغەمبەر مەسیح و ساڵی تازەی زاینی لە ڕۆمانیا چوار هەزار بابا نوئێل ڕژانە سەر شەقام و شۆستەکانی ئەو وڵاتە بە مەبەستی دابەشکردنی دیاری بەسەر منداڵە چاو گەشەکانی ئەو وڵاتە کە زۆر بەیان لە خانەواده هەژارەکان پەروەردە کراون چاوەڕوانی هاتنی ساڵی تازەن کە دیاریەکیان لەلایەن بابا نوئێلەکانی وڵاتەکەیان پێشکەش بکرێت شایانی باسە یەکەمین جارە لەو بۆ نەیەدا سی هەزارو نۆسەدوو سی و نۆ کەس بەرگی بابانوئێلیان پۆشیبوو کە ئەوەش ژمارەیەکی یەکجار زۆرە بەمەش توانیان مێژوویەک بۆ خۆیان و وڵاتەکەیان دەستەبەر بکەن لەنێو لاپەڕە جوانەکانی کتێبی گینسی جیهانی جێگەی خۆیان بکەنەوە.

سەنگەر حوسێن-ئەستەنبۆل: لەشاری ئەستەنبۆل، دوورگەیەک هەیە بەناوی (بیبوک ئادە-دوورگەی گەورە) جێگایەکی یەکجار دڵرفێنە، تیایدا گەشتیارەکان بەزستان و هاوین ڕووی تێدەکەن، دوورگەیەکە هیچ جۆرە ئۆتۆمبیلێکی تێدا نییە، ئەوەی بیەوێ تێیدا بسووڕێتەوە یان هەر کارێک بکات، ئەوە دەبێت یان (پەیتون)ێک بەکرێ بگرێت یان پایسکیلێک بەکرێ بگرێ و کارەکەی پێ تەواو بکات، لەبەر ئەوەشە، ئاووهەوایەکی یەکجار پاکی هەیە چونکە دوورە لە دووکەڵی ئۆتۆمبێل و موەلیدە. هەتا پیسایی وڵاغەکانیش لەناو کیسەیەکدا کۆ دەکەنەوە تاکو نەکەوێتە سەر زەوی و دیمەنەکەی ناشرین نەکات.

أسماء الألوان / تصميم ليرةو لةوي / الصفحة: ٧٧ / ٤/١/٠٩ / 10:31 PM